# یارمەتیی بژێوی بە کورتی

یارمەتیی بژێوی دواین یارمەتیی ئابۆرییە بۆ خەرجەکانی بنچینەیی ژیان. مەبەستی یارمەتیی بژێوی یارمە تیکردنی بۆ تێپەڕبوون لەکێشەکانی کاتی، ڕێگرتن لەبەرامبەر کێشەی ئەوها و سەربەخۆبوونە.



## کێ دەتوانێت یارمەتیی بژێوی وەبگرێت؟

دەتوانی داوای یارمەتیی بژێوی بکەیت لە کێڵا کاتێک کە **هەموو داهات و سامانی کە لە دەستتدان** بەشی خە رجەکانی پێویستت نەکەن، وەکوو نیشتەجێبوون، خواردن، تەندورستی و جلوبەرگ یارمەتیەکانی سۆسیاڵیش وەکوو داهات دەژمێردرێت.

هەمیشە بەرلە داواکردنی یارمەتیی بژێوی بڕوانە کەئایا دەتوانیت یارمەتییێکی دیکەوەرگریت، بۆ نموونە موچەی بێکاری یان یارمەتیی کرێی خانوو پێشتر داوای هەموو یارمەتییێکی دیکە بکە کە مافت هەیە وە رگریت.



## یارمەتیی بژێوی تەواوکەر و بەرەنگار لەشارەوانیەوە

ئەگەر هەندێک خەرجی تایبەتت هەبێت کەنەتوانیت یارمەتیی بژێویی بنچینەیی بۆی وەربگریت، دەزگای سۆسیاڵی شارەوانی ڕەنگەبە هەندێک هۆی تایبەت یارمەتیی بژێوی تەواوکەر و بەرەنگار پێت بدات.

شارەوانی خزمەتەکۆمەڵایەتیەکانی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات ئەگەر باری ژیانت ئەوها بێت کەپێویستیت پێ هەبێت. کێڵا دەتوانێت بەڕزامەندیی تۆ پەیوەندی بکات لەگەڵ دەزگای سۆسیاڵی شارەکەت. هەروەها بە خۆت دەتوانیت پەیوەندی لەگەڵ دەزگای سۆسی بکەیت.

زانیاریی زیاتر سەبارەت بەیارمەتی و خزمەتەکانی شارەکەت لەسەر ماڵپەڕی ئینتێرنێتی شارەکەت یان لە نووسینگەی سۆسیاڵ بەدەست دەکەوێت.

## کەی بۆ کێڵا، کەی بۆ شارەوانی؟

1. هەمیشە پێشتر داوای یارمەتیی بژێوی لەکێڵا بکە. پێویستیت بەبڕیاری یارمەتیی بژێوی هەیەئەو کاتەش کە تەنیا داوای یارمەتیی بژێوی تەواوکەر و بەرەنگار بکەیت.

2. دەتوانیت لە داواکارەکەی بۆ یارمەتیی بژێویدا بڵێیت کە هەندێک تێچوونت هەن کەسەر بەیارمەتیی بژێویی بنچینەیی نین و پێویستیت بەیارمەتیی تەواوکەر یان بەرەنگار هەیە ئەو تێچوونانە لەم بەشەی داواکاریەکەدا بنووس **Lisätietoja** هەروەها بنووسە کەبۆچی پێویستیت بەیارمەتی هەیە بۆ ئەوە هاوکات دەتوانیت داوا بکەیت کە کێڵا داوانامەکەت و پاشکۆیەکانی لەو بەشەوە بۆ بڕیاردان بگەیێنێت بە شارەوانی.

3. ئەگەر بڕیاری یارمەتیی بژێوی بنچینەیی لە کێلات وەرگرتووە، ئەو کاتە یەکسەر داوای یارمەتیی تەواوکەر و بەرەنگار لەکێڵا بکە کێڵا و شارەوانی بەپێی بارودۆخەکەت هاوکاری دەکەن.

# ئەوها داوای یارمەتیی بژێوی دەکەیت

1 مافی وەرگرتنی یارمەتیی بژێوی خۆت بژمێرەبەم ژمێرە لە ناونیشانی:
**www.kela.fi/laskurit**.
ئەگەر لەداهاتەکانتدا یان لەبارودۆخی ژیانتدا گۆڕانکاری ڕوونەدەن، دەتوانیت بەجارێک داوای یارمەتی بۆ چەند مانگێک بکەیت.

2 داوای یارمەتی لەسەر ئینتێرنێت بکە لەماڵپەڕی: **www.kela.fi/asiointi**.
ئەگەر بەکارهێنانی خزمەتی ئینتێرنێت قورس بێت، دەتوانیت لەخزمەتگەی کێڵا داوای ڕاوێژکاری بکەیت هەروەها دە توانیت بەفۆرمێک یان بەدەم لەسەر تەلەفۆن داوای یارمەتی بکەیت ناونیشانی کێڵا ئەمە یە: **Kela, PL 10, 00056 KELA**.

3 پاشکۆیەکانی پێویست
لە بیر مەکەرەوە

4 کێڵا بەشێوەیێکی ئاسایی لەماوەی 7 ڕۆژی کاتدا (دووشەممەهەینی) بڕیار لەسەر یارمەتیی بژێوی دەدات. مەرجەکەئەوەیەکەهەموو پاشکۆیەکانی پێویست لەگەڵ داوانامەکەدراون بەکێڵا. بۆ نمونەئە گەر داوانامەکەڕۆژی دووشەممەبگات بەکێڵا، تا ڕۆژی چوارشەممەی حەفتەی دوای ئەوەبڕیار دە درێت. ئەگەر پاشکۆیەکان پاشان بگەیێنیت، بڕیاردانی لەسەر داواکاریەکەش دوا دەکەوێت.

**کۆپیەکانی ژمارەی بانکەکەت لەبیر مەکرەوە**
بۆ داوانامەی یەئەمک پێویستی بەکۆپیی 2 مانگی پێشتری هاتوچۆی ژمارەی بانکەکەت هەیە کەبڕیارێکت وەرگرت، بۆ بزانیت دەبێت لەمەو بەدواوەچی پێویستە، بڕوانەبەشی **Miten toimit jatkossa** ئەو بەشەلەبڕیارەکەدا یەکسەر لەدوای ژماردنەکەیە.

5 کێڵا یارمەتیی بژێوی یەکەم ڕۆژی بانکی هەموو مانگێک دەدات. ئەگەر پارەکەنەگاتەڕۆژی ئاسایی پارەدان، ئەوە 2 ڕۆژی کارکردنی بانک دوای بڕیارەکەدەهاتەژمارەبانکیەکەت.
کاتێک کەیارمەتیی بژێوی پێت بدرێت، هاوکات بڕیاری ئەوەش دەدرێت کەبۆ ماوەی بڕیاری یارمە تیی بژێوی هەروەها بڕیار دەدرێت پارەی دەرمانەکانت لەدەرمانخانەکان بدرێت. بەو بڕیارەدە توانیت دەرمانەکانی کەبۆت پێویستن لەدەرمانخاکەن وەرگریت.

## پاشکۆیەکان لەسەر ئینتێرنێت

پاشکۆیەکان لەسەر ئینتێرنێت بنێرە:
**www.kela.fi/asiointi** کاتێک کەداوای یارمەتیەکەدەکەیت. وێنەی پاشکۆیەکان بگرەیان سکانیان بکەو بەداواکاریەکەوەبنێرە لەگەڵ داواکارییەکەی لەسەر ئینتێرنێت وێنەی بەتە لەفۆنیش گیراو دەبێت ئەگەر باش ببینرێت. ئەگەر لەپاشکۆیەکەدا چەندین لاپەڕ هەبێت، وێنەی هەموویان بگرەو هەموویان بگەیێنەبەکێڵا.

ئەگەر وەسڵەپاشان بنێریت، لەسەر لاپەڕی داواکاری یارمەتیی بژێویی لەم بەشەدا بنێرە: **Lähetä lasku** هەروەها وەسڵەکەبەڕێگای ماڵپەڕەکەلەم بەشەدا بنێرە: Liitteet

هەروەها دەتوانیت وەسڵەیان پاشکۆیێکی دیکەبەڕێگای ئەم بەشەش بنێریت **Viestit** ئەو کاتەئەم بابەتە هەڵبژێرە **Toimeentulotuki**. ئەگەر وەسڵەبنێریت، پاشان ئەمەهەڵبژێرە **Perustoimeentulotuen lasku** بۆ ناردنی پاشکۆیهکانی دیکەئەمەهەڵبژێرە **Perustoimeentulotuki**

## paşkoyekan be poste

ئەگەر ئینتێرنێت بەکارنەهێنیت، دەتوانیت پاشکۆیەکان بەپۆستەبنێریت بۆ ناونیشانی:
**Kela, PL 10, 00056 KELA**.
دەتوانیت هەروەها پاشکۆیەکان بۆ سندۆقی پۆستەی خزمەتگەیێکی کێڵا بینیت.

کێڵا وەسڵەکان و پاشکۆیەکان ناگەڕێنێتەوەبۆیەکۆپیی پاشکۆیەکان بنێرەو ئۆرژیناڵەکان لەلای خۆت بپارێزە.

ئەگەر پاشکۆیەکان بەپۆستەبنێریت، لەگەڵیان ئەم فۆرمەی کێڵاش بنێرە
Kustannusten saate (TO3) ئە گەر فۆرمەکەپێت نەبێت، ژمارەتاکەکەسییەکەی خۆت لەسەر بنووسە. ئەوها پاشکۆیەکانت دەگەن بەزانیاریەکانی دیکەی داواکاریەکەت.

کەبڕیاری یارمەتیی بژێوی پێت درا، دەتوانیت هەروەها داوای یارمەتی بۆ وەسڵەکانی دوای ئەو بڕیارەش بکەیت. دواین ڕۆژی کاتی وەسڵەدان دەبێت لەبەکارهاتنی بڕیارەکەتدا بێت. مەبەست لەدواین ڕۆژی کاتی وەسڵەدان دواین ڕۆژی وەسڵەڕەسەنەکەیە، نەدواین ڕۆژی بەبیرهێنانەوە. لەبڕیارەکەتدا بەووردی دەوترێت کە دەتوانیت چی وەسڵەکانت بۆ کێڵا بنێریت.

ئەگەر یارمەتیی بژێوی بۆ وەسڵەکان بدرێت، کێڵا یارمەتیی پاردان وەسڵەکان بۆ ژمارەبانکیەکەت دەنێرێت. **بەخۆت پارەی وەسڵەکان دەدەیت.** یان دەتوانیت داوا لەکێڵا بکەیت کەوەسڵەکانت یەکسەر بەوەسڵەنێر بدات، بۆ نمونەبەکۆمپانیای کارەبا یان بیمە. لەسەر وەسڵەکەیان لەپەیامەکەی کەبەڕێگای ئینتێرنێتەوەدەنێریتدا بنووسە ***Maksetaan laskuttajalle***.

کێڵا پێت ڕادەگەیێنێت کاتێک کەوەسڵەکەت دابێت. لەڕاگەیاندنەکەبڕوانەکەپارەی وەسڵەکان وەکوو کەتۆ داوات کردووەدراوەن.